سەرکایەتی کۆمار داوا لە بەغدا و هەولێر دەکات هاوکار بن بە دەستپێکردنەوەی هەنارد کردنی نەوت

سەرکایەتی کۆمار، ئەمڕۆ سەشەممە جەختی کردەوە کە دەزینەوەی دەرچێک بە هەنارد کردنی نەوتی عێراق کارێکی گرنگە و بەرژەوەندی باڵای وڵات دەستەبەر دەکات.

سەرکایەتی کۆمار لە راگەیندراوەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەبەع کەوتووە، ڕایگەیاند: "لەو بارودۆخە هەستیارەی ئێستادا کە وڵاتەکەمان تێیدا تێپەڕ دەبێت، جەخت لە پابەندبوونمان بە یەکێزی نیشتمانی هەموو ڕەگەزەکانی گەلی عێراق دەکەینەوە، لەگەڵ پێویستی دوورکەوتنەوە لە ناکۆکییە لاوەکییەکان کە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی ناکەن"، جەختیشی کردەوە کە "ئێم قەناعەت پێویستی بە تەبایی و یەکگرتوویی زیاتر هەیە، نەک پێرتەوازەیی و دابەشبوون".

لەو راگەیندراوەکدا ئاماژە بۆش کردووە: "دەزینەوەی دەرچێک بە هەنارد کردنی نەوتی عێراق کارێکی گرنگە و بەرژەوەندی باڵای وڵات دەپەکێت"، داواشی لە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە "هاوکاری تەواو بکەن لەپێناو دەستپێکردنەوەی هەنارد کردنی نەوتی خاو بە دەرەوەی عێراق، و کارکردنی هاوبەش بە چارەسەرکردنی هەموو کێشە و پرسە هەڵپەسەردراوەکان بە شێوەیەک کە لەگەڵ بەگەکانی دەستوور و یاسادا بگونجێت و بەرژەوەندی باڵای وڵات بدیبهێنێت و خزمەتی هەموو ڕەگەزەکانی گەلی عێراق بکات".

هەروەها ئەوەیش هاتووە کە: "بەدواداچوونمان بۆ ئەو نیشانە ئەرێنییانە کردووە کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەم چوارچێوەیەدا دەرچوون، و هیوادارین ئەم هەنگاوانە بەهێزتر بکرێن بۆ جۆرێک کە یارمەتیدەر بێت لە چارەسەرکردنی ئەم دەسیە زیندووە و بەهێزکردنی سەقامگیری ئابووری و خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان لە سەرانسەری وڵاتدا".

بەپێی راگەیەندراوەکە، سەرکایەتی کەمار داوای لە ئەنجومەنی نوێنەران کردووە کە "بە ڕەحیەتی بەرپرسیارێتی نیشتمانییەوە مامەڵە بکات، و بەرژەوەندی نیشتمان بخاتە سەروو هەر پێوەرێکی تریەوە، و کار بکات بە دوورکەوتنەوە لە ناکۆکییەکان، چونکە بەرژەوەندی عێراق دەبێت لە سەروو هەموو شتێکەوە بێت".

لەراگەیەندراوەکدا جەختی کردەوە کە "جەوهەری سیستەمی فیدراڵی لەسەر بنەمای یەکگرتوویی و هاوکاری نێوان هەموو دەسەڵاتەکان و پێکهاتەکانە، ئەمەش داوا لە هەمووان دەکات کە خاوەن ڕەحیەتی بەرپرسیارێتی بن و کار بکەن بەرەو بەهێزکردنی لێکتێگەیشتن و یەکیزی نیشتمانی و دوورکەوتنەوە لە پەرەسەندن و ناکۆکییەکان"، لە کۆتاییدا هیوای خواست "گەلەکەمان لە هەر ناخۆشییەک پارێزراو بێت و هەموومان سەرکەوتوو بین بە ژیان لەناو ئاشتی، گەشەپەدان و یەکیزییەکی نیشتمانی پتەودا".